# پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ له ئێران

# (ئیعدام وەك زەقترین وێنا)٢_٢



**«چاو لــه بەرامبەر چــاودا، هەموو جیهــان کوێر دەکات»**
**گاندی**

**ئەردەڵان فەرەجی**

له بەشــی یەکەمی ئەم وتارەدا تیشك خرایه سەر چەند ئامارێکی گشــتی ئیعدام له ئاستی جیهاندا و هەروەها ئەو تاوانانەی که له ئایینی ئیسـلام دا به ئیعدام ســزا دەدرێن و شێوەی هەڵسووکەوتی دەســەڵاتەکان لــه وڵاتانــی جۆراوجــۆر و بــه دەســەڵاته ئیســلامییەکانەوە بەرامبــەر بــەو تاوانانه. به چاوخشــاندنێکی کورت بەو تاوانانەی که له دەســەڵاته جۆراوجۆرەکان به ئیعدام ســزا دەدرێن، ئێعدام کراوەکان به دوو دەستەی گشتی دابەش دەکرێن:

**قوربانیانی تاوانه تاکەکەسییەکان**

ئەم دەســتەیه له قوربانیان بریتین لەو کەسانەی کــه به هۆی تۆمەت و ئەنجامی کردەی نایاســایی دژی باقــی تاکەکانــی تر بــه ئێعــدام مەحکووم دەکرێن. ئەم تۆمەتانــه پانتاییەکی بەرینی هەیه و لــه وڵاتێکەوه بۆ وڵاتێکی تــرەوه جیاوازه. بۆ وێنه: کوشــتی مرۆڤێك به ئەنقەســت، پەیوەندی سێکســی لــه دەرەوەی چوارچێوەی یاســایی و خێــزان و هتــد. بەڵام بــەو پێیەی کــه ئەنجام و سەپاندنی توندوتیژی له لایەن دەوڵەت و یاساوه، نرخ و بەهای یاســا هاوئاســتنی ئیعدام کراوەکان دەکات و دەوڵەتیــش هــەروەك ئەو یــان خراپتر لەو دەســەپێنێت، جگه لــەوەش دەوڵەت ئەرکی سەرشــانییەتی گیانی هەمــوو تاکەکانی کۆمەڵگا و یــەك لــەوان تۆمەتباران بپارێزێت و کوشــتن له لایەن یاســاوه قبووڵنەکــراوه. ئەمه له کاتێکدایه کــه له ئەنجامی ئیعدام و له ســێدارەدان ئەو بوار و بەســتێنه کۆمەڵایەتییانــەی کــه بوونەته هۆی رووادنی تاوانەکه سزا نادرێت و بۆیەش سوودێکی نابێت.

**قوربانیانی تاوانه گشتی و عەقیدەتییەکان**

ئەم کۆمەڵەیه بریتین لەو کەسانەی به هۆی جۆری بیرکردنەوەیــان (کــه لەگــەڵ بەرژەوەندییەکانی یاســا دارێژەرەکان هاوتەریــب نەبێت) و کردەی لــه پێنــاو ئــەوەدا بــه ئێعــدام ســزا دەدرێــت. ســەردێری ئــەو تاوانانــه دەکرێ ئامــاژه بەمانه بکرێــت: خیانەت له وڵات، کفر کردن و ســیخوری و جاسووســی. بەڵام دەبێــت ئەوەمان لەبەر چاو بێت که مەحکوومکراوەکیش بەشێکه له کۆمەڵگا و روانگــەی ئەویــش دەبێــت لــه لایەن یاســاوه پارێــزراو بێــت و ئەگەری ئەوەش لــه ئارادایه که بەرژەوەندییەکانــی کۆمەڵگا له روانگەی کەســـه مەحکوومکراوەکه دەکرێت جیاواز بێت.

جگه لەمەش تاکەکان کۆمەڵگا پێك دێنن و کەس ناچار نییه به ئەنجامی باوەڕەکانی کۆمەڵگا واته دیکتاتۆری زۆرینه.

**تاوانبارانی نابالغ (منداڵ)**

ئایــا دەبێــت منــداڵان و مێرمنداڵــه نابالغــه تۆمەتبارەکانیش ئێعدام بکرێن؟

یەکێــك لەو پرســانەی که لــه تــەوەرەی ئێعدام لــه ئێران و لــه ناو کــۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافەکانــی مرۆڤ له ئاســتی ناوخۆیی و جیهانی له ئارادایه، پرسی ئێعدامی منداڵانه. له ساڵی ١٩٩٠ کەمــتر لــه ١٠ وڵات مێرمنداڵانیــان بەهۆی تاوانی کوشــتن ئیعدام کردووه و ئێران یەکێك لەو نموونه دەگمەنانەیه. له ساڵی ١٩٩٠ی زاینییەوه تا ساڵی ٢٠٠٩، ٨١ مێرمنداڵ له سەرتاسەری جیهان ئیعدام کــراون که ٤٢ لــەو مێرمنداڵانه لــه لایەن کۆماری ئیســلامییەوه ئیعدام کراون. جێــی ئاماژەیه که ئەم دۆخه نارەزایەتــی نێونەتەوەیی بەرامبەر به کۆماری ئیسلامی هەڵخراندووه. به پێی جاڕنامەی گەردوونــی مافی مــرۆڤ هەر مرۆڤێك ژێر ١٨ ســاڵ منداڵه و به پێی ماددەی ٦ له بەشی ٥ جاڕنامەی نێونەتەوەیــی مــاف مەدەنــی و سیاســییەکان نابێــت تاکەکانی ژێر ١٨ ســاڵ و ژنانی دوو گیان که تووشــی تاوانی کوشــتن دەبن به مەرگ ســزا بدرێــن. ئەمه له کاتێکدایه کــه منداڵان کەمتر له تاکه باڵغەکان ســزاواری تەمێ کردنن – هەر بۆیه ســزادان پاســاوێکی باش نییه بــۆ ئێعدامی تاکه نابالغــەکان (منــداڵان) و مێرمنــداڵان زیاتر تاکه گــەورەکان بێعەقڵی دەکــەن – ئەوان کەمتر بیر له پاشی کردەکانیان دەکەنەوه و کەمتر ئەگەری ئەوه له ئارادایه که ترس له ســزای ئیعدام ئەوان لــه ئەنجامی تاوان بگەڕێنێتــەوه و له هەمانکاتدا ئەگەری تۆڵەســەندنەوه و خوێنخوازی سەبارەت به ئیعدامی مێرمنداڵان زۆرتره.

**ئیعدامه سیاسییەکان**

ئەگەرچی لەمــاوەی چەند مانگی رابردوو هەندێك لایەنــی قەزایــی کۆماری ئیســلامی باســی لەوه کــردووه که لــه هەوڵــی گەڵاڵه کردنــی «تاوانی سیاســی»ـن. بەڵام له ماوەی ٣٠ ساڵی رابردووی پــاش هاتنــه ســەر کاری کۆمــاری ئیســلامی بــه هــەزاران کــەس لەو کەســانەی کــه عەقیده و بیروبــاوەڕی جیاوازیــان لەگــەڵ دەســەڵاتی کۆمــاری ئیســلامی بووه لــه ســیاچاڵەکان و به شــێوەی به کۆمــەڵ گولله بــاران یــان ملیان به پەتی ســێدارەوه کرا. گۆڕستانی خاوەران که به هێمــای ئیعدامکراوەکانــی سیاســی دەیەی ٦٠ی هەتاوی ئێران دەناســرێت، گومانی ئەوه هەیه که تەرمی ٥ هــەزار کەس له نەیارانــی ئیدئۆلۆژیکی کۆمــاری ئیســلامی تێدا چــاڵ کرابێت. بــه پێی لێکۆڵینەوەکان بڕیاری کوشــتنی ئەم کەســانه له لایەن شەخسی خومەینییەوه له دادگایەکی چەند دەقەیی و چەند پرســیار له زومــرەی ئەوەی که ئایا بــاوەڕت به خــودا هەیه؟ نوێــژ دەکەی؟ له بنەماڵەیەکــی موســڵمان لــه دایك بــووی؟ و ئایا ئامــادەی بۆ هــاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیســلامی و تۆبــه بکەی؟دراوەو و له ئەگــەری «نا» بوونی هەر کام لەم پرســیارانه کەســی ناوبراو دەکوژرا. هەروەها له تیرۆرەکان له ناوخۆ و دەرەوەی وڵات که زۆربەی نەیارانی سیاســی کۆماری ئیســلامی دەگرتەوه که دەکرێت ئاماژه به عەبدولرەحمانی قاسملــوو، ســادقی شــەرەفکەندی، ســدیقی کەمانگــەر، غوڵامــی کەشــاوەرز و... له دەیەی ٧٠ ی هەتاویش دۆســییەی قەتڵه زنجیرەییەکان هــەر له محەمەد جەعفــەری پویەنده، موختاری، فرووهــەرەکان و ... و بــه دوای هەڵبژاردنەکانی خولــی دەیەمی ســەرۆك کۆماری له ئــێران و ئەو نارەزایەتییەی که له ئاســتی ئــێران هاته ئاراوه، هەڵسووکەوتی توندوتیژانەی هێزەکانی لایەنگری دەوڵەت و دەســەڵات لەگەڵ نارازیان که به دەیان کەس له ســەر شــەقامەکان له سیاچاڵەکان تەنیا له سەر ئەوەی که داوای دەنگەکانیان دەکردەوه گیانیان لێسەندرایەوه.

هەمــوو ئەمانه له کاتێکدایه که بــه درێژای پاش هاتنه ســەر کاری کۆماری ئیسلامی و به تایبەتی به دوای هێرشــی هەمەلایەنەی هێزەکانی کۆماری ئیســلامی بۆ سەر کوردســتان له ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ ئێعــدام و تیرەبــاران کردنــی نەیارانــی کۆماری ئیســلامی و بزووتنــەوەی رزگاریخوازانه وه بــه بزووتنەوەی بەرەنگاری گەلی کورد بووه. به ســەدان رۆڵەی کورد له سیاچاڵەکانی کۆماری ئیســلامی لەوپەڕی بێدەنگیدا به پەتی ســێداره هەڵواســران و یان لەشــیان کەوته بەر دەسرێژی گوللــه تەنیــا بــه تاوانی ئــەوەی کــه داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کردووه.

هەتــا ئێســتا و تا ئــەم ســاتەوەختەش که ئەم بابەته دەنووسرێت ئیعدامی سیاسی له کوردستان بەردەوامــه. نموونــەی نزیکــی ئــەو ئیعدامه، له ســێدارەکانی تێکۆشــەری لاوی کورد «ئیحســان فەتاحییــان» بــوو که لــه بەرەبەیانــی رۆژی ٢٠ خەزەڵــوەر له زیندانی شــاری ســنه ناجوامێرانه ئەنجــام درا. جگــه لــه ئیحســانیش کۆمەڵێکــی دە، دوازده کەســی دیکــه لــه هەڵســووڕاوانی سیاســی و مەدەنــی کورد مەترســی جێ بەجێ کردنــی حوکمی ئیعدامەکەیــان هەیه که له لایەن دادگاکانی دەزگای قەزایی کۆماری ئیســلامییەوه به ســەریاندا ســەپاوه. بەڵام جێــی خۆیەتی لەم وتــارەدا ئامــاژەی پێبکرێــت که له ســەر داوا و پێشــنیاری بەڕێــز مام جــەلال تاڵەبانی ســەرۆك کۆماری عێراق ئیعدامی دوو هەڵسووڕاوی سیاسی کورد بــه ناوەکانی «شــێرکۆ مەعــارفی و حەبیب لەتیفی» هەڵوەشایەوه.

هــەروەك لــه ســەرەوه ئامــاژەی پێــدرا کــه پێشــێلکارییەکانی مافی مرۆڤ له لایەن دەسەڵاتی کۆمــاری ئیســلامییەوه نارەزایەتییەکی جیهانی هەڵخرانــدووه و له دوایــین بڕیارنامەی کومیتەی ٣ی ڕێکخــراوی نەتەوه یەککگرتووەکان ئیدیعایەك له سەر ئەو راستییه.

---

**توماس زایفرت – و/ بۆ فارسی: ئێلاهه بوقرات**
**و/ بۆ کوردی: کاوه فەتاحی**

# سێ فاکتەری رووادنی شۆڕشێك



زگــی تێر، بیر له شــۆڕش ناکاتــەوه. ئەو کاتەی هەمــووان تــێر و رازین، هەرگیز شۆڕشــێك ســەر هەڵنــادا. تۆماس فریدمەن Thomas Seifert رۆژنامەنووســی «نیۆیــۆرك تایمز» و نووســەری بەرهــەم گەلێکی پڕفرۆش، ســێ ســاڵ لەمەوبەر «یەکەم یاســای سیاســیەتی نەوت»ی به کورتی ئــاوا فۆرموولــه کرد: هــەر چەنده نرخــی نەوت کەمــتر بێت، رێك بەو ئاســتەش پلەی ئەگەری به دەســت هێنانی ئازادی لــه وڵاتانی خاوەن نەوتدا زیاد دەبێت.

**٣ فاکتەر بۆ رووادنی شۆڕشێك**

رۆژنامەی «دی پێرســه»ی ئۆتریش، له بابەتێکی کورتــدا له نووســینی «تۆماس زایفێرت» باســی لــه بوونی هەلومەرجێکی شۆڕشــگێرانه له ئێراندا کــردووه و نووســیویەتی: هەلومەرجێکی گونجاو بــۆ گۆران و رووخانی رژیم لــه ئێراندا فەراهەمه، مەگەر ئەوەی کێشەی بەرنامه ناوکییەکەی ئێران تووندتر بێتەوه و ئیســرائیل شــەڕ له دژی ئێران دەست پێبکات.

ئەم بابەته دەخوێننەوه:

شــۆڕش له چ کاتێکدا و بەراســتی کەی شۆڕشه؟ ساموئێل هانتیگتۆن له ساڵی ١٩٦٨دا له کتێبکەیدا به ناوی « بەســتێنی سیاســی له ئاڵوگۆڕەکان له کۆمەڵگایەکدا» بەم شــێوەیه وەســفی شۆڕشــی کــردووه: « شــۆڕش بریتییــه له گۆڕانــی خێرا، بنچینەیــی و تووندوتیژیانــەی ئەرزشــەکان و له روانینەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگایەکدا له ناوەنده سیاســییەکان و پێکهاتــه کۆمەڵایەتییــەکان، و هەروەها له رێنوێن کردن و تێکۆشان و سیاسەتی دەوڵەت.»

**فاکتەرەکانی یارمەتیدەری ســەرهەڵدانی شۆڕش کامانەن؟**

فاکتەری لاوان: هەر شارێك که زۆربەی دانیشتوانی پێکهاتــوو لــه لاوانــی ١٥ تــا ٢٥ ســاڵ بێــت، پوتانسیەلێکی بەهێزی ســەرهەڵدانی شۆڕشــی لەچاو ئەو گوندانه هەیه که تەمەنی دانیشــتوانی له دەوری ٤٠ ساڵدایه.

**فاکتەری شــار:** ئــەوه شــارەکانن زیاتــر دەبنه گۆڕەپانێــك بــۆ شــۆڕش. ئــەوەی کــه لــەوێ روودەدات، له کۆتاییدا کاریگەری له سەر پانتایی وڵات دادەنێــت. ئەگــەر پێتەختێــك رۆڵی ناوەند بوونــی له وڵاتێکدا له ئەســتۆ بێت، ئەو کات ئەم فاکتــەره لەوێــدا گرینگی زیاتــری هەیه. پاریس جیا لەوەی گۆڕەپانی سەرەکی شۆڕشی فەرانسه له ساڵی ١٧٨٩دا ئەژمار دەکرا، ناوەندی شۆڕشی ســاڵەکانی، ١٨٣٠، ١٨٤٨ و ١٨٧١ بــوو. دوایین بزووتنــەوەی گرینگــی شــۆرگێرانه لــه پاریس، بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٩٦٨ بووه.

**فاکتــەری ئابــووری:** زگــی تــێر بیر له شــۆڕش ناکاتــەوه. ئەو کاتەی هەمــوان تێر و بێ گلەیین، هەرگیز شۆڕش سەرهەڵنادا.

بەڵام بەراستی چۆن شۆڕشێك دەست پێدەکات؟

سیناریۆیەکی ئاسایی بەم شێوەیەیه:

رژێــم کۆمەڵێــك کــردەوەی پاڵنەرانــه ئەنجــام دەدات. ئاســتی چاوپۆشــی¬کردنی خەڵــك دەگاتــه ئەوپــەڕی و بــه پێی پەنــدی : «برا له پشــت بــرا بــێ، مەگەر بــەڵا لای خــوا بێت» کۆ دەبنــەوه و نارەزایەتی دەدەبڕن. چەند کەســێك له نارەزایەتی¬دەربڕینەکانــدا دەکوژرێن. دواتر پرسەیان بۆ دەگرن و به شوێنیدا نارەزایەتییەکان بەربڵاوتر دەبێتەوه. دووباره کەسانێك دەکوژرێن و دووباره پرســەیان بۆ دەگێرێت, بەم شــێوەیه «کــردە» و «دژکردەوەکان» یەکجــار زۆر دەبن. له کۆتاییدا وزەی خەڵك دەبێته هۆکاری رووخانی رژیم. له ســاڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩شــدا له ئێران ئــەم رووداوانەمــان ئەزموون کــرد کــه بــوو به هــۆی رووخانی رژێمی پاشــایەتی و هاتنه ســەر کاری کۆمــاری ئیســلامی.بەڵام ســەبارەت بــه «بزووتنەوەی ســەوز»، که پاش هەڵبژاردنەکانی ســەرۆك کۆماری له ١٢ ژووئەندا خرۆشا، و خەڵك رژانه ســەر شــەقامەکان تاکوو دژی ساختەکاری لــه هەڵبژاردندا نارەزایەتی دەربــڕن، دەبێ بڵێی چــی؟ دەکــرێ نارەزایەتییەکــەی ١٥ی ژووئەن، کــه تێیــدا ٣ میلیۆن کەس له تــاران، له مەیدانی ئینقلابەوه بەرەو مەیدانی ئازادی رێپێوانیان کرد، به سەرەتایەك بۆ شۆڕشێکی نوێ بزانین؟

**فاکتەری لاوان:** هێمای وزەیەکی بەهێز بۆ شۆڕش له ئێران، بوونی لاوانه. رێژەی دانیشــتوانی ئێران لەچاو ســاڵی ١٩٧٩ دووهێنده زیــادی کردووه و گەیشتووەته ٧٥ میلیۆن کەس، که ٦٥ له سەدی ئەم رێژەیه تەمەنیان ژێر ٣٥ ســاڵه. زۆربەیان له خۆ سانســۆرکردن، رێگری له پۆششــی خوازراو، نەبوونــی هیوایەك بــه داهاتــوو و کۆنترۆلکردنی هەمیشــەیی لــه لایــەن هێزەکانــی ئینتزامــی و بەســیجەوه بێزارن، رۆڵی ژنانیش پتانسیەلی ئەم شۆڕشەی زۆر زیاتر کردووه.

فاکتــەری شــار: تــاران دووبــاره وەك شۆڕشــی ئیسلامی بۆتەوه به مەیدانی سەرەکی شانۆیەکی خەمبار که پاش هەڵبژادنەکانی ١٢ ژووەن دەستی پێکــرد. هــەر بــەم پێیــه دەتوانین تــا رادەیەك دڵنیــا بین که کاریگەری و رۆڵــی ناوچه گوندی و پاوەنخوازەکان زۆر کەمه.

فاکتەری ئابووری: تۆماس فریدمەن رۆژنامەنووسی «نیۆیۆرك تایمز» و نووســەری کۆمەڵێك بەرهەمی پڕفرۆش، ســێ ساڵ لەمەوبەر «یەکەم یاســای سیاســیەتی نەوت»ی بــه کورتی ئــاوا فۆرمووله کرد: هەر چەنده نرخی نەوت کەمتر بێت، رێك بەو ئاستەش پلەی ئەگەری به دەست هێنانی ئازادی له وڵاتانی خاوەن نەوتدا زیاد دەبێت.

ئەحمەدی نژاد له ماوەی ســەرۆك کۆماری خۆیدا دەیتوانی له بەرز بوونــەوەی چاوەڕوان نەکراوی نرخــی نــەوت زۆر قازانــج بکات، بەڵام بۆ ســاڵی داهاتــوو، بــەراوردی کەمی ب ٤٤ میلیــارد دۆلار کراوه که ئەوەش بــێ هاوتایه. ئەم کەمییه بۆته هۆی بەتاڵ بوونی گیرفانی ئێرانییەکان، که تۆڵەی خۆیان له رژیم دەکەنەوه. له ٧ ســاڵی رابردوودا ئێرانییــەکان نیزیك به دوســەد و پەنجــا میلیارد دۆلاریان گواســتۆتەوه بۆ وڵاتانــی دەرەوه و به زۆری بــۆ دوبەی. کەلێنی نێوان تێر و برســی لەو ماوەیەدا له ئێران، بــه پێی راپۆرتی دامەزراوەی ئابــووری ویرجینیــا گەورەتر بۆتــەوه و به پێی راپۆرتی جەوادی ســاڵحی ئیســفەهانی کارناسی دامەزراوەی بروکینگ له ماوەی ســەرۆك کۆماری ئەحمــەدی نەژاددا ئــەم کەلێنــه زۆر بەرچاوتر و گەورەتر بۆتەوه.

ئێســتا له ١٢ ژووئەن (٢٢ی جۆزەردان) بەم لاوه روون بۆتــەوه کــه رێبەرانی کۆماری ئیســلامی، ئیــتر هۆگری کۆماری ئیســلامی و یــان لانی کەم هۆگری خۆهەلخســتن به کۆماری ئیســلامی نین. بەمانەوه هەنــدێ هێما هەن کــه دەکرێ وەڵامی تەمەن درێژی ئــەم رژیمەی لێ بەدەس بهێنرێت، چیــنی ناوەنــد زۆر بەربڵاوه، ئاســتی پەروەردە کــردن له ناو جەماوەرێکــی فراوانی کۆمەڵگادا له ســەرەوەیه، رێبەری سیاســی و رێبەری رۆحانی لێــك دوور کەتونەتــەوه، بەشــه جیاجیاکانــی دەســەڵاتی سیاســی کەلێنیــان تێکەوتــووه و هەڵبــەت ئۆپۆزیســیۆنیش لــه ســتراتیژی و رێبەرێکــی لایەق و ناســراو بێ بەرییــه. هەر بەم پێیــه دەبێت خۆ بۆ خەباتێکــی درێژماوه ئاماده بکەین، لەم نــاوەدا، تەنیا هیوایەك بۆ ئەحمەدی نژاد ماوەتەوه: ئەگــەر لەرووی قووڵتر بوونەوەی کێشــەی بەرنامەی ناوکی، بۆمبەکانی ئیســرائیل به ســەر ئێراندا ببارێن، ئەو کاته ئەوه ئەحمەدی نژاده دووباره دەژیەتەوه.